# ئاستی پشتبەستن بە ئامرازەکانی میدیای نوێ لەلای مامۆستایانی زانکۆ ی سەلاحەدین

**جوان بهاءالدين على**

بەشی پەروەردە و دەرونزانی، فەکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

ئیمەیڵ: jwan.bahaden@koyauniversity.org

**عبدالخالق ابراهيم مصطفى**

بەشی ڕاگەیاندن، پەیمانگەی تەکنیکی کارگێری هەولێر، زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

ئیمەیڵ: abdulkhaliq.mstaffa@epu.edu.iq

**پوختە:**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە ئاشکراکردنی ئاستی پشتبەستنی مامۆستایانی زانکۆی سەلاحەدین بە ئامرازەکانی میدیای نوێ لە پرۆسەی فێرکردندا بە شێوەیەکی گشتی و ریزبەندکرنی جۆری بەکارهینانەکانی میدیای نوێ لە لایەن مامۆستایانەوە و دیاریکردنی ناوەندی ژمێرەیی(الوسط المرجح) بۆ بەکارهینانەکان، بۆ ئەو مەبەستەش پێوانەیەک ئامادەکرا بۆ پێوانەکردنی ئاستی پشتبەستن دوای دەستنیشانکردنی راستگۆیی ڕواڵەت و جێگیری ناوەرۆکی پێوانەکە تویژەر(50) فۆرمی بەسەر مامۆستایان بە شێوەیەکی هەڕەمەکی دابەشکرد کە (33) لە رەگەزی نێر و (17)مامۆستاش لە رەگەز مێ بوون.

دواتر لە ئەنجامەکاندا دەرکەوت کە مامۆستایانی سامپڵی توێژینەوەکە پشت دەبەستن بە میدیای نوێ بە ئاستی مامناوەند, هەروەها برگەی (سوود لە ئیمەیل و ئینتەرنێت وەردەگرم بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکانم) بەرزترین پلەی وەرگرتوە و برگەکانی (ئینتەرنیت بەکاردێنم بۆ زانیاری لەسەر ئەو کاڵایانەی کە دەمەوێت بیانکرم) و برگەی (لە هەڵبژاردنی مۆدێل و جۆری جل و بەرگم پەنا بۆ پەیج و ڤیدیۆ و سایتەجیاجیاکان دەبەم) بە پلەی کۆتایی دێن.

**کلیلە وشە:** ئاست , پشتبەستن , میدیای نوێ.

# بەشی یەکەم

# ناساندن بە توێژینەوەکە

## یەکەم: کێشەی توێژینەوەکە:

تەکنەلۆژیا بووەتە لایەنێکی پڕ بایەخی ســــەردەمی جیهانگەرایی، بەڕادەیەک بوارێکی ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ نادۆزیتەوە کە تەکنەلۆژیا ڕۆڵی تیا نەبێت، زاراوەی (گوندی بچووک)ی مارشــاڵ ماکلۆهان ئاماژەیەکە بۆ کاریگەری میدیا لە سەدەی بیستدا و ئێستا زیاتر دەگونجێت لەگەڵ سەردەمی داهێنانە تەکنەلۆژیەکان.

لە زانکۆ و ناوەندە ئەکادیمیەکان لە وولآتانی پێشـــکەوتوودا بە فراوانی ســـوود لەو تەکنەلۆژیا جۆراوجۆرانە وەرگیراوە بۆ بەرزکردنەوەی جۆرایەتی پرۆســەی فێرکاری و کارئاســانی و خێراکردنی گەیاندنی پەیوەندییکردن و خزمەتگوزاریەکان، بۆیە کێشەی ئەم توێژینەوەیە خۆی دەبینێتەوە لە ئاشکراکردنی ڕادەی پشتبەستنی مامۆستایانی زانکۆ بە ئامرازەکانی میدیای نوێ لە پێداویســـتیە جۆراوجۆرەکانی ژیانیدا و چونکە ئەو ئامرازانە کاریگەریان جێهێشتوە لەسەر زۆرێک لە پەیوەندیی و چالاکیە کۆمەڵآیەتی و سیاسی و ئابووری و مەعریفیەکان, بۆیە پێویستە لە ڕێگای توێژینەوەی زانســتیەوە هەوڵی زانینی ئاســت و شــێوازی پشــتبەســتنی مامۆســتایانی زانکۆ بزانین لە بەکارهینانی میدیای نوێ.

## دووەم: گرنگی توێژینەوەکە:

دەکرێت گر نگی ئەم توێژینەوە لەم خاڵانەی لای خوارەوە بخەینەروو:

1. تیشــک خســتنە پشــتبەســتنی مامۆســتایانی زانکۆ بە ئامڕازەکانی میدیای نوێ لە بوارە جیاجیاکاندا و ئاســتی بەکارهینانی.

2. ئەم جۆرە توێژینەوانە بەرچاو ڕوونیمان پێدەدات لەبارەی ئاســـتی خۆگونجاندنی مامۆســـتایانی زانکۆ لەگەڵ پێشکەوتنە تەکنەلۆژیەکاندا.

3. دەکرێت لە ئەنجام و پێشنار و ڕاسپاردەکانی ئەم توێژینەوە یە سود ببینرێت بۆ باشتر سودوەرگرتن لە میدیای نوێ.

## سێیەم: ئامانجەکانی توێژینەوەکە:

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە لەم خاڵانە خۆی دەبینێتەوە:-

1. ئاشـکراکردنی ئاسـتی پشـتبەسـتنی مامۆسـتایانی زانکۆی سـەلاحەدین بە ئامڕازەکانی میدیای نوێ لە پرۆسـەی فێرکردندا بە شێوەیەکی گشتی .


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper10 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

2. ریزبەندکرنی جۆری بەکارهینانەکانی میدیای نوێ لە لایەن مامۆستایانەوە و دیاریکردنی ناوەندی ژمێرەیی(الوسگ المرجح) بۆ بەکارهینانەکان.

### چوارەم: سنوری توێژینەوەکە:

سنوری ئەم توێژینەوەیە سەرجەم مامۆستایانی زانکۆی سەلاحەدین دەگریتەوە بۆ ساڵی خوێندنی 2017– 2018 .

### پێنجەم: پێناسەی زاراوەکان:

- میدیای نوێ: میدیای نوێ بریتیە لەو تەکنەلۆژیایانەی پەیوەندیکردن کە لە ئەنجامی ئاوێتەبوونی نێوان کۆمپیوتەر و ئامرازە تکلاسیکیەکانی راگەیاندن وەک چاپەمەنی و وێنەگرتنی فۆتۆگرافی و دەنگ و ڤیدیۆ پەیدا بووە" (ئیبراهیم ، 2014 ، 44)
- ئاستی پشت بەستن بە میدیای نوێ: بریتییە لە تێکرای ئەو نمرانەی کە ئەندامانی سامپڵی توێژینەوەیە بەدەستی دەهێنن دوای وەڵامدانەوەیان لەسەر بڕگەکانی ئەو پێوانەیەی کە لەم توێژینەوەدا بەکاردەهێنرێت بۆ پێوانەکردنی ئاستی پشتبەستنی مامۆستایان بە میدیای نوێ .

## بەشی دووەم: چوارچێوەی تیۆریی توێژینەوەکە و تویژینەوەکانی پێشوو

## تەوەری یەکەم: لایەنی تیۆری توێژینەوە

### یەکەم : تیۆری پشتبەستن بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن

ئەم تیۆرە لە حەفتاکانی سەدەی بیستەم لەسەر بنەمای بوونی پەیوەندییەکی بەهیزی نیوان جەماوەر و ئامرازەکانی راگەیاندن و سیستەمی کۆمەڵاییەتی سەریهەڵدا. ئەم تیۆرە لەسەر ئەوە بوونیادنراوە کە جەماوەر بۆ بەدەستهێنانی زانیاری و هێنانەدی پێداویستیەکانی و یارمەتیدانی لە جێبەجێکردنی ئەو پێداویستیانەدا پشت بە ئامرازەکانی راگەیاندن دەبەستێت ، ئەمەش ئەو پەیوەندییە بەهێزەمان بۆ دەردەخات کە ئەم تیۆرە بە تیۆری بەکارهێنان و تێرکردن گرێدەدات. "دی فلور روکیتش" یەکەم کەس بوو کە ئەم نموونەیەیان لەساڵی 1976 دانا و پاشان لە سالی 1989 زیاتر پەرەیان پێدا.(عبدالحميد ، 2004 :ل298)

گرنگترین بیرۆکەش لەم نموونەیەدا ئەوەیە کە تاکەکانی کۆمەڵگە هاوچەرخەکاندا بە شێوەیەکی زیاتر پشت بەو زانیارییانە دەبەستن کە لە ئامرازەکانی راگەیاندنەوە سەرچاوەیان گرتووە، ئەمەش بە بەخشینی زانیاری و ئاراستەکردنیان بۆ ئەو شتانەی کە لە کۆمەڵگەکانیان روودەدات. جۆر و ئاستی ئەو پشت بەستنەیش لەسەر دوو هۆکاری سەرەکی راوەستاوە کە ئەوانیش (مکاوی ، السيد ،2006:ل321):

1. پلەی گۆڕانکاری یان ململانێ، یاخود نائارامی کە کۆمەڵگە بەدەستیەوە دەناڵێنی.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper10 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

2. پلەی بایەخی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن وەکو سەرچاوەیەکی زانیاری کۆمەڵگە.

گریمانەکانی نموونەی پشتبەستن یش بریتیە لە (حجاب ، 2010 :ل302-303):

1. جیاوازی سیستەمی کۆمەڵایەتی بەپێی ئاستی سەقامگیریی ئەو سیستەمەیە لە کۆمەڵگەدا ،کە لەوانەیە جێگیر و چەسپاو بێ یان لاواز بێت و هەمیشە لە گۆرانکاریدا بێت. هەروەها لەوانەیە سیستەمی کۆمەلاییەتی لە حالەتی دارمانی تەواودابێت. هەرچەندە گۆرانکارییەکان و تەنگژەکان لە کۆمەلگەدا زیاتر بن ، ئەوەندە خەڵک پێویستی بە زانیاری و ئاراستەکردن و دووپاتکردنەوەی بەهاکان زیاتر دەبێت، ئەمەش دەبێتە هۆی وروژاندنی زیاتری پێویستیەکان بۆ زانیاری و گەران بەدوایاندا،لەم هەلومەرجانەدا جەماوەر زیاتر پشت بەو زانیارییانە دەبەستێت ئامرازەکانی راگەیاندن لەو کۆمەڵگەیەدا پێشکەشیان دەکات.

2. لەوانەیە سیستەمی راگەیاندن توانای وەڵامدانەوەی پێویستیەکانی سیستەمی کۆمەڵایەتی هەبێ یان نەبێ، چەندەش ڕاگەیاندن ئەو توانایەی هەبێت ئەوا بایەخی لە کۆمەڵگە زیاتر دەبێ و پشتبەستنی جەماوەر بە ئامرازەکانی راگەیاندن زیاتر دەکات.

3. جەماوەر لە رووی پشتبەستنی بە ئامرازەکانی راگەیاندن لە یەکتر جیاوازن ، جەماوەری سەرکردەکانی را پێویستیان بە سەرچاوەی دیکەی راگەیاندنی هەیە، جگە لە ئامرازە راگەیاندنە باوەکان. هەروەها لەوانەیە ئەمە لای توێژی دیکەش لە جەماوەر بەپێی هەلومەرج و تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان روودات.

## دووەم : ناساندن بە میدیای نوێ

سەرەتای سەرهەڵدانی وشەی میدیای نوێ دەگەرێتەوە چارەکی کۆتایی سەدەی بیست بە تایبەتی بۆ ساڵانی هەشتاکان وەک ئاماژەیەک بۆ دەستپێکردنی قۆناغی پۆست پیشەسازی و چەرخی زانیاری و پەیوەندییکردن ، کە گوزارشت بوو لە گۆڕانێکی سۆسیۆ-ئابووری بە پشتبەستن بە پێشکەوتنی خێرای تەکنەلۆژیا بە جۆرێک میدیای نوێ بوو بە هێزێک بۆ بنیاتنانی پەیوەندییە کولتوری و کۆمەڵایەتییەکان لە فۆرم نو یدا (pasadeos,2010,289).

لەسەرچاوە زانستیەکاندا میدیای نوێ چەندین ناوی جیاوازی بۆ بەکاردەهێنرێ لەوانە (digital media) و (online media) و (interactive media) و (cyber media) و چەندین ناوی دیکە کە زیاتر رەهەندە تەکنەلۆژی و کارلێککردنەکە بەرجەستە دەکات.(حسونە ، 2014), کۆلێژی شریدانی تەکنەلۆژی ( Sheridan ) پێناسەیەکی پراکتیکی بۆ میدیای نوێ دادەنێ بەوەی "هەموو جۆرە راگەیاندنێکی ژمارەیی کەبەشێوەی ژمارەیی و کارلێککردن پێشکەش دەکرێت , ئەمجۆرە میدیایە پشت بە تێکەڵکردنی دەقە نوسراوووێنە و ڤیدیۆ و دەنگ لەجەستەی یەک بابەتی رۆژنامەوانیدا دەبەستێت ، جگە لەبەکارهێنانی کۆمپیوتەر وەک ئامێرێکی سەرەکی لەکرداری بەرهەمهێنان و پێشکەشکردن. (صادق، 2006، 5).



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper10 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

میدیای نویَ زادەی ئەو پێشـکەوتنە خێرا و مێژووییە بوو کە لەگەڵ دەرکەوتنی ئینتەرنێت هاتەئاراوە ، بیرۆکەی دروستکردنی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی شەستی سەدەی بیستەم کاتێک وەزارەتی بەرگری ئەمریکا پێشبینی هێرشێکی نـاوەکی کرد کە ببێتە هۆی پچڕانی تۆڕی پەیوەنـدییەکـان. بۆیە کۆمەڵێک توێژەریـان ڕاســـپارد بۆ چۆنیەتی خۆئادەکردن بۆ ئەگەرێکی لەم چەشنە. ئەوە بوو دوای لێکۆلینەوەی ورد پێشنیاری ئەوە کرا تۆڕێکی پەیوەندییکردن (Network) دابمەزرێ کە یەک ناوەندی سـەرەکی کۆنترۆل کردنی نەبێت ، بۆ ئەوەی ئەگەر یەکێک لەو ناوەندانەش یان زیاتر تێکبچێت ئەوا سـیسـتـەمەکە بەردەوام بێت لە کارکردن. ئەم پرۆژەیە لە ســەرەتادا تەنها لە چوارچێوەی وەزارەتی بەرگری بەکارهێنرا ، دواتر و بە تێپەڕبوونی بە چەند قۆناغێکی گەشـەســەندن ســەری کێشـا بۆ ئەوەی ئێستا بە ئینتەرنێت (Internet) دەناسرێت کە کورتکراوەی (International Network) (شقره،2014،48).

## سێیەم:ئامرازەکانی میدیای نویَ

مەبەســت لە ئامرازەکان ئەو ڕێگایانەی پەیوەندییکردنن لە ئەنجامی ئاوێتەبوونی تەکنەلۆژیای پەیوەندییکردنی وەک کۆمپیوتەر و مۆبایلی زیرەک و تۆڕەکان و ڕەگەز و ژانرەکانی میدیای نویَ. ئامرازەکانی میدیای نویَ فرەچەشن و هەمەجۆرن و ڕۆژ بە ڕۆژ لە زیادبوونێکی بەردەوامدان (مەحمود, 2015 :ل22–23) ، دیارترین ئەو ئامرازانەش ئەمانەن :

1– بلۆگ : لاپەڕەیەکی کەســییە بۆ بڵاوکردنەوەی زانیاری و ڕا و بابەتی زانســتی بەکاردەهێنرێت. لەبنەڕەتدا کورتکراوەی هەردوو وشـــەی (web) و (log)ە (الزرن ،2007). یەکەم کەس بلۆگی بەکارهێنا ( Journ Barger) بوو لە دیســێمبەری 1997 ، کاتێک لە وێبســایتەکەی خۆی لیســتێکی ئەو لینکانەی ئینتەرنێتی بڵاوکردەوە کە بەکاری دەهێنێت.لەوکاتەوە بلۆگ لە گەشـەسـەندنێکی خێرادایەو لە سەر ئاستە جیاوازەکان لە هەموو بوارە جیاجیاکاندا بەکاردەهێنرێ( Watt , Allan,2013,p124)

2– ویکی (wiki) : وێبســایتێکی کراوەیە ، هەموو کەســێک دەتوانن ناوەڕۆکەکەی ببینن و لەبەری بگرنەوە و دەسـتکاریشـی بکەن. هەموو جۆرە زانیاری و بابەتی هەمەچەشـنی تێدا بڵاودەکرێتەوە و وەک فەرهەنگێکی کراوە سەیردەکرێ (Jiravindra,2014,p4).

3– پۆدکاست (podcast) : لە هەردوو وشەی (broadcast) و (ipod)ەوە هاتووە کە بریتییە لە خزمەتگوزاریەک بۆ دەســـتخســـتنی فایلی دەنگیی یان ڤیدیۆیی. ئەم خزمەتگوزاریەش لە هەندێ وێبســایتی ئینتەرنێت دەستەبەرکراوە.

4– یانە(–منتدى ، Forum) : ئەو وێبسـایتانەن کە ئەندامەکانی گرنگییدان و ئارەزوو یاخود پسـپۆڕی هاوبەش کۆیاندەکاتەوە و ئەو ناوەڕۆکانە بڵاودەکەنەوە کە خواستی هاوبەشی لەسەرە و کۆمەڵێک مەرج دادەنرێ بۆ ئەندام بوون لەو یانانە ، بەڵام بەشـێوەیەکی گشـتی تەنها بە خۆ تۆمارکردن دەتوانری لە زۆرێک لەو یانانە ببێتە ئەندام(مەحمود ، 2014 :ل25).

5- تۆرە کۆمەڵایەتییەکــان: بەرەوپێشـــچوونی ئەمــدواییەی ئینتەرنێــت وایکردووە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکــان بەشـــێوەیەکی لە خەیاڵبەدەر فراوان بێت. لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە خەڵکی دەبن بە ئەندام و لاپەڕەی تایبەت بەخۆیان دروســـت دەکەن بە ناوی خۆیان و وێنەی خۆیانەوە. بۆنمونە، تۆ دەتوانیت لاپەڕەی تایبەتی کەســـانی دیکە ببینیت کە دەیانناســـیت و بیانکەیت بە هاوڕێی خۆت. یادەتوانیت هەر لە ماڵپەرەکەدا بە دوای ناوی کەسانی تردا بگەڕێیت و دواتر بیانخەیتە نێو لیستی هاوڕێیانتەوە. بە کردنی ئەمە تۆ دەتوانی تۆڕێک دروســت بکەیت لەو کەســانەی کە دەتوانیت بە ئاســانی پەیوەندیان پێوە بکەیت. لەگەڵ ئەوەشــدا دەرفەتی دروســتکردنی پەیوەندیت لەگەڵ کەســـانی نوێش هەیە. هەندێک نموونەی ئەو ماڵپەڕانە بریتین لە فەیسبووک ، مای سپەیس، تویتەر و یوتیوب (سلیم ، 2016 :ل 32) کە لێرەدا بە کورتی پێناسەی هەریەکەیان دەکەین.

6- یوتیوب : کەمێک لە ماڵپەرە کۆمەڵایەتییەکانی تر جیاوازە بەوەی بریتییە لە ماڵپەڕێکی هاوبەشـی ڤیدیۆیی و بەخۆڕاییشە، لە کاتێکدا لە (فەیسبووک )و (مای سپەیس)دا زیاتر ئاڵوگۆڕ لە نێوان کەسەکاندا هەیە. یوتیوب لە ساڵی (2005 ) لەلایەن (جاد هێرلی) و (ستیڤ چێن) و (جاوید کەریم)ەوە دانراوە. یوتیوب لەوەدا لە (مای سپەیس) دەچێت کە تێکڕای ئەو تەمەنەی کە بەکاریدەهێنێت بریتییە لە ( 16) سـاڵی. لێکچوونێکی تری نێوان (یوتیوب) و (مای سپەیس) بریتییە لە قازانجەکەی. لە ساڵی (2006)دا یوتیوب لەلایەن کۆمپانیای گوگڵەوە بە بڕی (1.65) ملیار دۆلار کڕدرا.

7- فەیسـبووک: فەیسـبووک کەمێک جیاوازترە لە مای سـپەیس و یوتیوب، بەوەی فەیسـبووک لە بنەڕەتەوە بۆ قوتابیانی کۆلێژ و زانکۆ دانرابوو (مارک زوکەربێرگ) دامەزرێنەر و بەڕێوەبەری گشتیی فەیسبووک، داهاتی ساڵانەی بە ( 50) ملیۆن دۆلار دەخەملێنرێت. (الفیصل ، 2014 ، 79)

## تەوەری دووەم: تویژینەوەکانی پێشوو

1- تویژینەوەی (شقیر ,2009 )

ناونیشانی توێژینەوەکە بریتی بوو لە (استخدام اساتذه الجامعه دمشق للانترنت و الاشباعات المحققه منها), ئامانجی توێژینەوەکە بریتی بوو لە ئاشــکراکردنی بەکارهێنانی ئینتەرنێت لەلایەن مامۆســتایانی زانکۆی دیمەشــق وتێربوونە بەدیهاتووەکان, توێژەر بەمەبەســـتی کۆکردنەوەی داتاکان (فۆڕمی ڕاپرســـی) بەکارهێنا , وســـامپڵی توێژینەوەکە بریتی بوو لە ( 79) مامۆستای زانکۆ.

لە کۆتاییدا توێژەر گەشـــتە چەند دەر ئەنجامێک و گرنگترینیان زۆرینەی مامۆســـتایانی زانکۆی دیمەشـــق ئینتەرنێت بەکاردێنن. و زۆرینەی مامۆستایانی زانکۆی دیمەشق ڕۆژانە بۆ ماوەی دوو کاتژمێرئینتەرنێت بەکاردێنن, هەروەها بەشێوەیەکی سـەرەکی زۆرینەی مامۆستایانی زانکۆی دیمەشق بۆ دەسـتخسـتنی توێژینەوەی ئەنجامدانی توێژینەوە و پەرەپێدانی پرۆگرامی خوێندنەوە ئینتەرنێت بەکاردێنن .



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper10 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

2- توێژینەوەی (الخطیب, 2011)

ناونیشانی توێژینەوەكە بریتی بوو لە (استخدام الإنترنت فی الأنشطه الأكادیمیه وغیر الأكادیمیه من وجهه نظر طلبه كلیه الطب فی جامعه العلوم والتكنولوجیا الأردنیه والصعوبات المتعلقه بهذا الاستخدام), ئامانجی توێژینەوەكە بریتی بوو لە ئاشكراكردنی بەكارهێنانی ئینتەرنێت لەلایەن فێرخوازانی كۆلێژی پزیشكی لە زانكۆی دیمەشق, توێژەر بەمەبەستی كۆكردنەوەی داتاكان (فۆڕمی ڕاپرسی) بەكارهێنا , وسامپڵی توێژینەوەكە بریتی بوو لە ( 138) فێرخواز.

لە كۆتاییدا توێژەر گەشتە چەند دەر ئەنجامێک و گرنگترینیان فێرخوازانی زانكۆ بەشێوەیەكی مامناوەند ئینتەرنێت بەكاردێنن بۆ چالاكی تایبەتی خۆیان و بەكارهێنانە نامەی ئەلكترۆنی بە پلەی یەكەم دێت , هەروەها فیچرخوازەكان ئینتەرنێت بەشێوەیەكی مامناوەند ئینتەرنێت بەكاردێنن بۆ چالاكی تایبەت بە زانكۆ لە گرنگترینیشیان داتا و زانیاری تایبەت بە وانەكانیان.

3- توێژینەوەی ( فــله , 2008-2009)

ناونیشانی توێژینەوەكە بریتی بوو لە (اثر استخدام الانترنات لدی الشباب الجامعی علی وسائل الإعلام التقلیدیه), ئامانجی توێژینەوەكە بریتی بوو لە ئاشكراكردنی كاریگەری بەكارهێنانی ئینتەرنێت لەلایەن فێرخوازانی زانكۆ, توێژەر بەمەبەستی كۆكردنەوەی داتاكان (فۆڕمی ڕاپرسی) بەكارهێنا , وسامپڵی توێژینەوەكە بریتی بوو لە ( 150) فێرخوازی زانكۆ.

لە كۆتاییدا توێژەر گەشتە چەند دەر ئەنجامێک و گرنگترینیان , بەر بڵاوی ئەنتەرنێت و ئامرازە ئەلكترۆنیەكان بووەتە هۆی ئەوەی كە فێرخوازانی زانكۆ زیاتر حەز بە بەكارهێنانی ئینتەرنێت بكەن بە بەراورد بە بەكارهێنانی ئامرازە و میدیای كلاسیكی, هەروەها زۆرینەی فیرخوازان بەلایەنی كەمەوە لە یەكێک لە خزمەتگوزاریەكانی ئینتەرنێت بەشداری كردووە.

## بەشی سێیەم

## ڕێكارییەكانی توێژینەوەكە

لەم بەشەدا توێژەر ئەو هەنگاوە ڕێكاریانە دەخاتە ڕوو كە لەم توێژینەوەدا ئەنجامدراوە, میتۆدی توێژینەوەكە میتۆدی وەسفی (شێوازی مەیدانی روپێوی ) چونكە توێژەر هەڵدەستێت بە دەستنیشانكردنی ئاستی پشتبەستنی مامۆستایان بە میدیای نوێ و دواتر ریزبەندكردنی جۆری بەكارهینانەكانی میدیای نوێ لەلایەن مامۆستایانەوە, سەبارەت بە كۆمەڵگا و سامپڵ و ئامرازی پێزوانەكردن و ئامرازە ئامارییەكان بەو شێوەیەی خوارەوەیە:


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper10 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

## یەکەم : کۆمەڵگای توێژینەوەکە:

کۆمەڵگای توێژینەوەکە بریتییە لە سەرجەم مامۆستایانی زانکۆی سەلاحەدین- کۆلێژی ئەدەبیات کە ژمارەیان (245) مامۆستایە و (62) لە رەگەزی مێن و (173) لە رەگەزی نێرن, وەک لە خشتەی ( 1 ) روونکراوەتەوە.

خشتەی ( 1 )

کۆمەڵگای توێژینەوەکە

| ژ | بەش | | | پلەی زانستی | | | | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | نير | مي | م. ي | م | ث.ي | ث | |
| 1 | دەروونزانی | 7 | 6 | 4 | 2 | 6 | 3 | 13 |
| 2 | کۆمەڵناسی | 25 | 12 | 10 | 14 | 8 | 5 | 37 |
| 3 | راگەیاندن | 14 | 5 | 6 | 7 | 6 | – | 19 |
| 4 | جوگرافیا | 25 | 8 | 14 | 10 | 7 | 2 | 33 |
| 5 | شوێنەوار | 20 | 8 | 10 | 11 | 7 | – | 28 |
| 6 | مێژوو | 44 | 18 | 18 | 25 | 5 | 14 | 62 |
| 7 | فەلسەفە | 21 | 7 | 20 | 3 | 5 | 1 | 28 |
| 8 | کۆمەلایەتی | 17 | 8 | 17 | 5 | 3 | – | 25 |
| کۆی گشتی | | | | | | | | 245 |

## دووەم : سامپڵی توێژینەوەکە

سامپڵی توێژینەوەکە بەشێوەی کۆتایی بریتی بوون لە (50) مامۆستای زانکۆ لە کۆلێژی ئەدەبیات, کە بەشێوەی هەرەمەکی هەڵبژێردران , وەک لە خشتەی ( 2) روونکراوەتەوە.

خشتەی (2 )

سامپڵی توێژینەوەکە

| ژ | بەش | | | پلەی زانستی | | | | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | نێر | مێ | م. ی | م | پ.ی | پ | |
| 1 | دەرونزانی | 3 | 3 | 3 | 1 | - | 2 | 6 |
| 2 | کۆمەڵناسی | 9 | - | 4 | 3 | 2 | 1 | 9 |
| 3 | راگەیاندن | 6 | 4 | 5 | 2 | 3 | - | 10 |
| 4 | جوگرافیا | 4 | 3 | 3 | 2 | 2 | - | 7 |
| 5 | شوێنەوار | 5 | 3 | 2 | 5 | 1 | - | 8 |
| 6 | مێژوو | 7 | 3 | 2 | 3 | 3 | 2 | 10 |
| کۆی گشتی | | | | | | | | 50 |



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper10 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

**سێیەم : ئامرازی توێژینەوەکە**

لەبەر نەبوونی ئامرازێکی پێوانەکردنی ئامادە و گونجاو تایبەت بە (ئاستی پشتبەستنی مامۆستایان بە میدیای نوێ) بە زمانی کوردی و هەروەها گونجاوبێت لەگەڵ تایبەتمەندی کۆمەڵگای توێژینەوە و ئامانجی توێژینەوە , لەبەرئەوە توێژەر هەستا بە ئامادەکردنی پێوانەیەک بۆ پێوانەکردنی ئاستی پشتبەستنی مامۆستایان بە میدیای نوێ , پرۆسەی ئامادە کردنی ئامرازەکە بە پێی ئەم هەنگاوانەی خوارەوە بوو:

- **ئامادەکردنی بڕگەکان :**

1. گەڕانەوە بۆ سەرچاوەو توێژینەوەکانی پێشوو و بۆ چوارچێوەی تیۆری سەبارەت بە تیۆری پشتبەستن و میدیای نوێ بەمەبەستی داڕشتنی بڕگەی گونجاو لەگەڵ ئامانج و کۆمەڵگای توێژینەوەکە .
2. دواتر توێژەر ( 18) بڕگەی داڕشت کە پەیوەندی بە ئاستی پشتبەستن بە میدیای نوێوە هەبێت و لە بەرامبەر هەر بڕگەیەکیشدا (5) هەڵبژاردن دانرا کە بریتی بوون لە (هەمیشە وادەکەم, زۆرجار وادەکەم ,هەندێ جار وادەکەم , بەدەگمەن وادەکەم, هەرگیز واناکەم) .

- **دەستنیشانکردنی ڕاستگۆیی پێوانە :**

توێژەر هەستا بە دەستنیشانکردنی ڕاستگۆیی ڕواڵەت (Face validity) بۆ پێوانەکە لە ڕێگای وەرگرتنی ڕاوبۆچونی شارەزایانی بواری ڕاگەیاندن و کۆمەڵناسی کە ( 4 ) شارەزابوون ( بڕوانە پاشکۆی (1))، توێژەر پێوانەکەی خستە بەردەستیان و داوای لێکردن ئاستی گونجاوی و نەگونجاوی بڕگەکان و هەڵبژاردنەکان و هەروەها ئەنجامدانی هەر گۆڕانکارییەک کە پێیان باشە بیخەنە ڕوو. دوای کۆکردنەوەی فۆرمەکان بە پشتبەستن بە بیروڕای شارەزایان ئەم گۆڕانکاریانە ئەنجامدرا:-

1. ناونیشان لە(ئاستی پشتبەستنی مامۆستایانی زانکۆ بە ئامڕازەکانی ڕاگەیاندنی نوێ) بوو بە (ئاستی ثشتبةستن بة ئامرِازةكانی میدیای نویَ لةلای مامؤستایانی زانكؤ ی سةلاحةدین).

2. سەبارەت بە هێشتنەوە یان لابردنی بڕگەکان, توێژەران پشتیان بە ڕێژەی ڕێکەوتنی (75%) بەست بۆ هێشتنەوەی بڕگەکان, واتا تەنها ئەو بڕگەیەی کە سێ لەسەر چواری شارەزایان پەسەندیان کردبێ دەمێنەتەوە بەم شێوەش هیچ بڕگەیەک لانەبرا.

3. لە هەڵبژاردنەکانیشدا گۆڕانکاری ئەنجامدرا کە (هەمیشە وادەکەم, زۆرجار وادەکەم , هەندێ جار وادەکەم, بەدەگمەن وادەکەم, هەرگیز واناکەم)بوون دواتر بوون بە (هەمیشە وادەکەم, زۆرجار ,هەندێ جار, بەدەگمەن, هەرگیز) نمرەکانیش بریتین لە (1,2,3,4,5) بە پێی ریزبەندییان .

4. هەر لە ژێر ڕۆشنایی تێبینی شارەزایان بڕگەکانی (19و20و21و 22) بۆ پێوانەکە زیادکرا.

5. هەروەها هەر لە ژێر ڕۆشنایی تێبینی شارەزایان گۆڕانکاری لە داڕشتنی چەند بڕگەیەکی پێوانەکە ئەنجامدرا.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper10 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

### دەستنیشانکردنی جێگیری پێوانە :

لەم توێژینەوەیەدا توێژەر جیگیری پێوانەکەی لە رێگای کەرتکردنی پیوانە (Subdivided Test)وە ئەنجامدا کە یەکێکە لە رێگاکانی دەنستنیشانکردنی گونجاوی ناوەکی پێوانە کە تیایدا برگەکان دابەش دەکرێن بۆ برگەی (تاکی ) و برگەی ( جووتی) و دواتر لە رێگای بەکارهێنانی هاوکێشەی ( پیرسۆن) نەوە پەیوەندی نێوان برگە تاکییەکان و برگە جوتییەکان دەستنیشان دەکرێت. بۆیە توێژەر هەستا بە هەڵبژاردنی (15) فۆرم بە شێوە هەرەمەکی و دواتر وەڵامەکانیان لەسەر برگەی تاکی و جوتی جیاکردەوە و لە رێگای هاوکێشەی پێرسۆنەوە و بە سوود وەرگرتن لە پرۆگرامی (SPSS) پەیوەندی نێوانیانی دەستنیشانکرد کە برتی بوو لە (0,82) کە ئەوەش ئاماژە بە بوونی جێگیری ناوەکی پیوانەکە دەکات, هەروەک لە خشتەی (3) روونکراوەتەوە.

خشتەی (3 )

جێگیری پێوانە بە رێگای کەرتکردنی پێوانە

| ژمارەی برگەکان | تێکرای | | ژمارەی برگەکان | تێکرای |
|---|---|---|---|---|
| برگەی تاکی | 15 | 6 | 82 | 0,05 |
| برگەی جوت | 15 | 5 | | |

### چوارەم : ئەنجامدانی توێژینەوەکە

دوای ئەوەی پێوانەی توێژینەوەکە راستگۆیی رواڵەتی بۆ ئەنجامدرا و هەروەها جێگیری بۆ دەستنیشانکرا توێژەران هەستان بە ئەنجامدانی توێژینەوەکە بە شێوەی کۆتایی , بەمەبەستی ئەنجامدانی توێژینەوەکە توێژەران(50) فۆرمی دابەشکرد بەسەر مامۆستایانی زانکۆی سەلاحەدین لە رۆژانی 28 و 2017/11/29 , بروانە پاشکۆی (2).

### پێنجەم : ئامرازە ئامارییەکان

بە مەبەستی شیکردنەوەی ( داتاکان ) توێژەران سوودیان لە پرۆگرامی هەگبەی ئاماری بۆ زانستە کۆمەلایەتییەکان ناسراو بە (SPSS) وەرگرت لە بەکارهێنانی چەند هاوکێشەیەکی ئاماری وەک:-

1. هاوکێشەی پیرسۆن (Person) بەکارهێنرا بۆدەستنیشانکردنی جێگیری پێوانە بە رێگای کەرتکردنی پێوانەکە.
2. هاوکێشەی (one sample T-test ) بۆ بەراوردکردنی تێکرای سامپڵی توێژینەوەکە لەگەڵ تێکرای گریمانی کۆمەڵگا.
3. تێکرای یەکلاکەرەوە و رێژەی سەدی بۆ دەستنیشانکردنی ریزبەندی جۆری بەکارهێنانەکانی میدیای نوێ لەلایەن مامۆستاکانەوە.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper10 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

## بەشی چوارەم

## ئەنجامەکانی توێژینەوەکە و شیکردنەوەیان

لەم بەشەدا توێژەر هەڵدەستێت بە خستنەڕوی ئەنجامەکان بە پێی ئامانجەکانی توێژینەوەکە و هەر وەک لەخوارەوە هاتووە :-

یەکەم: سەبارەت بە ئامانجی یەکەم کە بریتی بوو لە ئاشکراکردنی ئاستی پشتبەستنی مامۆستایانی زانکۆی سەلاحەدین بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی نوێ بە شێوەیەکی گشتی) ئەنجامەکان دەریانخست کە سامپڵی توێژینەوەکە تێکرایان (68,88) و دوای بەراوردکردنی تێکرای سامپڵی توێژینەوەکە لەگەڵ تێکرای پێوەری پێوانەکە1 ( المتوسط المعیاری للمقیاس )کە بریتی بوو لە ( 66) و بەکارهێنانی هاوکێشەی (One sample t-test ) دەرکەوت کە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نیە لە نێوان تێکرای گریمانی پێوانەکە و تێکرای سامپڵەکە , چونکە تێکرای گریمانی پێوانەکە بریتیە لە (66) و بە ئاستی ناوەند دادەنرێت بۆیە دەتوانین بڵێن مامۆستاکان بە ئاستی ناوەند پشتیان بە میدیای نوێ بەستوە, هەر وەک لە خشتە (4) ڕونکراوەتەوە.

خشتەی (4 )

ئاستی پشتبەستنی مامۆستایانی زانکۆی سەلاحەدین بە میدیای نوێ

| ژمارەی سامپڵ | تێکڕای سامپڵ | لادانی پێوەری | تێکڕای پێوەری پێوانە | بەهای تائی | Sig | نمرەی ئازادی | ئاستی بەڵگەداری ئاماری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 50 | 64,88 | 12,3 | 66 | 0,68 | 0,52 | 49 | 0.05 |

دووەم : سەبارەت بە ئامانجی دووەم کە بریتی بوو ئاشکراکردنی ریزبەندکرنی جۆری بەکارهینانەکانی میدیای نوێ لە لایەن مامۆستایانەوە و دیاریکردنی ناوەندی ژمێرەیی(الوسط الحسابی), دوای دەستنیشانکردنی تێکرای یەکلاکەرەوە بۆ برگەکانی پێوانەکە ئەنجامەکان دەریانخست کە لە گرنگترین ئەو مەبەستانەی کە مامۆستایانی زانکۆ بەهۆیەوە پشتدەبەستن بە بەکارهێنانی میدیای نوێ ئەم بابەتانە بوون کە بەپێی زینجیرەی گرنگیان ریزبەندیان بۆ کراوە, بڕوانە خشتەی (5) .

خشتەی (5)

ریزبەندی پشتبەستنی مامۆستایان بە پێی کێشی سەدییان

| پلە | ژمارەی برگە | برگەکان بە پێی کێشی سەدییان | ناوەندی یەکلاکەرەوە | کێشی سەدی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | 4 | سوود لە ئیمەیل و ئینتەرنێت وەردەگرم بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکانم. | 3,21 | %64.3 |

[1] تێکرای پێوەری پێوانە دەستنیشانکرا لە رێگای ( کۆکردنەوەی بەهای هەڵبژاردنەکان و دابەشکردنیانی ئەنجامەکە بەسەر ژمارەی هەڵبژاردنەکان و دواتر جارانی ژمارەی برگەکان کرا ) = (4+3+2+1+0 ) /5 × 25 = 50 .



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper10 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| %63 | 3,15 | بۆ زانینی دوا ڕووداو و هەواڵەکان سود لە ئینتەرنێت وەردەگرم. | 21 | 2 |
| %60,65 | 2,86 | بۆ زانینی بابەتە سیاسیەکان ئینتەرنێت بەکاردەهێنم. | 22 | 3 |
| %57,3 | 2,86 | لەگەڵ مامۆستایانی بەش و کۆلیژەکەم لە ڕێگەی تۆرە کۆمەلایەتیەکانەوە پەیوەندی بەردەوامم هەیە. | 20 | 4 |
| %55,65 | 2,78 | لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە داونلۆدی سەرچاوە و زانیاری دەکەم. | 11 | 5 |
| %54 | 2,7 | کارەکانی دڵنیایی جۆری لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە جێبەجێ دەکەم. | 9 | 6 |
| %52,3 | 2,61 | لە ڕێی تۆرە کۆمەڵایەتیەکانەوە پەیوەندی بە کەسانی دیکەوە دەکەم . | 3 | 7 |
| %50,3 | 2,515 | بەرنامەی تایبەتم دابەزاندوە لە ئامرازەکانم(وەك ئایپاد یان مۆبایل یان لابتۆپ) بۆ ئاسانکاری کارەکانم. | 13 | 8 |
| %50 | 2,50 | سوود لە ئینتەرنێت وەردەگردم بۆ ئەبلۆد کردنی وانەکانم بۆ خوێندکارەکانم. | 5 | 9 |
| %47,65 | 2,38 | بۆبەسەربردنی کاتێکی خۆش ئینتەرنیت بەکاردەهێنم. | 1 | 10 |
| %46 | 2,3 | لە ڕێگەی تۆرە کۆمەڵایەتیەکانەوە هاوڕێی نوێ دەناسم. | 7 | 11 |
| %46 | 2,3 | لەپێش گەشتکردن لە سایتەکاندا بۆ زانیاری دەگەڕێم سەبارەت بە شوێنەکان. | 6 | 12 |
| %38 | 1,9 | ڤیدیۆکانی ئینتەرنێت لەوانەکاندا بەکاردەهێنم. | 14 | 13 |
| %36,4 | 1,82 | لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە بەدوای وۆرکشۆپ و کۆنگرە دەوڵەتی و نێو دەوڵەتیەکاندا دەگەڕێم | 10 | 14 |
| %26,2 | 1,32 | بۆ وەرگرتنی زانیاری ئاینی سایتەجیاجیاکان بەکاردەهێنم. | 15 | 15 |
| %24,4 | 1,22 | لە ڕێگەی پەیوەندیە ڤیدیۆییەکانەوە وانە وەردەگرم یان دەڵێمەوە. | 12 | 16 |
| %24,4 | 1,22 | بۆ هەڵبژاردنی دیزاینیماڵەکەم سود لە سایتەکانی ئینتەرنێت دەبینم. | 18 | 17 |
| %30 | 1,5 | بەهۆی سایتی تایبەتەوە خۆم فێری زمانی دیکە دەبم. | 8 | 18 |
| %24 | 1,2 | تەماشای ڤیدیۆ یان وێنەی چۆنیەتی دروستکردنی خواردن دەکەم. | 16 | 19 |
| %20 | 1 | گروپی فەیسبوکیم دروستکردوە بۆ پەیوەندی بەردەوام لەگەڵ خوێندکارەکانم | 19 | 20 |
| %16 | 0,8 | ئینتەرنیت بەکاردینم بۆ زانیاری لەسەر ئەو کالایانەی کە دەمەوێت بیانکرم | 2 | 21 |
| %16 | 0,8 | لە هەڵبژاردنی مۆدێل و جۆری جل و بەرگم پەنا بۆ پەیج و ڤیدیۆ و سایتەجیاجیاکان دەبەم. | 17 | 22 |

1.بڕگەی (سوود لە ئیمەیل و ئینتەرنێت وەردەگرم بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکانم ) بەرزترین پلەی وەرگرتوە کە ناوەندە یەکلاکەرەوەکەی بریتی بوو لە (3,21) و بە کێشی سەدی(64.3%) , توێژەر ئەوە دەگەڕێنێتەوە لەلایەک بۆ سروشتی پیشەی مامۆستای زانکۆ کە ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی بەشێکی گرنگ و بەردەوامی کارەکەیی و بەرەوپێشچوونی لایەنە زانستیەکەیەتی ، لەلایەکی دیکەوە دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی ئامرازەکانی میدیای نوێ کە کە کتێب و زانیاری و سەرچاوەی زانستی بێ شوماریان خستۆتە بەردەست بە خێراییەکی زۆر و تێچوویەکی کەم.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper10 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

2. بڕگەی (بۆ زانینی دوا ڕووداو و هەواڵەکان سود لە ئینتەرنێت وەردەگرم)بە پلەی دووەم دێت کە ناوەندی یەکلاکەرەوەی بریتی بوو لە (3,15) و بە کێشی سەدی (63%), تویژەر ئەو ئەنجامە بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە زانینی هەواڵ و زانیاری جێی بایەخی مامۆستایانی زانکۆیە, بۆیە بۆ بەدەستهێنانیان پشت دەبەستن بە میدیای نوێ بۆ بەدەستهێنیانیان.

3. بڕگەی (بۆ زانینی بابەتە سیاسیەکان ئینتەرنێت بەکاردەهێنم) بە پلەی سێیەم دێت کە ناوەندی یەکلاکەرەوەی بریتی بوو لە (2,86) و بە کێشی سەدی (60,65%), تویژەر ئەو ئەنجامە بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە بۆ هەمان هۆکاری بڕگەی پێشوو.

4. بڕگەی (لەگەڵ مامۆستایانی بەش و کۆلێژەکەم لە ڕێگەی تۆرە کۆمەلایەتیەکانەوە پەیوەندی بەردەوامم هەیە) بە پلەی چوارەم دێت کە ناوەندی یەکلاکەرەوەی بریتی بوو لە (2,86) و بە کێشی سەدی (57,3%), تویژەر ئەو ئەنجامە بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە پێویستی پیشەی مامۆستایی بووەتەهۆی ئەوەی کە مامۆستایان پشت ببەستن بە میدیای نوێ بۆ بەردەوام پەیوەندیکردن بە هاوپیشەکانیانەوە.

5. بڕگەکانی (لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە داونلۆدی سەرچاوە و زانیاری دەکەم)بە پلەی پێنجەم دێت کە ناوەندی یەکلاکەرەوەی بریتی بوو لە (2,78) و بە کێشی سەدی (55,65%) و بڕگەی (کارەکانی دڵنیایی جۆری لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە جێبەجێ دەکەم)بە پلەی شەشەم دێت کە ناوەندی یەکلاکەرەوەی بریتی بوو لە (2,7) و بە کێشی سەدی (54%), تویژەر ئەو ئەنجامانە بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە بەهۆی تایبەتمەندی پیشەی مامۆستای زانکۆ بەجۆرێکە پێویستە بۆ کارە هەنوکەییەکامی پشت ببەستن بە میدیای نوێ.

6. بڕگەی (لە ڕێی تۆرە کۆمەڵایەتیەکانەوە پەیوەندی بە کەسانی دیکەوە دەکەم .)بە پلەی حەوتەم دێت کە ناوەندی یەکلاکەرەوەی بریتی بوو لە (2,61) و بە کێشی سەدی (52,3%) و بڕگەی (بەرنامەی تایبەتم دابەزاندوە لە ئامرازەکانم(وەک ئایپاد یان مۆبایل یان لابتۆپ) بۆ ئاسانکاری کارەکانم)بە پلەی هەشتەم دێت کە ناوەندی یەکلاکەرەوەی بریتی بوو لە (2,515) و بە کێشی سەدی (50,3%) و بڕگەی (سوود لە ئینتەرنێت وەردەگردم بۆ ئەبلۆد کردنی وانەکانم بۆ خوێندکارەکانم)بە پلەی نۆیەم دێت کە ناوەندی یەکلاکەرەوەی بریتی بوو لە (2,50) و بە کێشی سەدی (50%), تویژەر ئەو ئەنجامە بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە مامۆستایانی زانکۆ بۆ بوارە جیاجیاکانی ژیانی ئاسایی و ژیانی پیشەیی پشت دەبەستێت بە میدیای نوێ.

7. سەرجەم ئەو بڕگانەی دیکە نابنە بڕگەی پشت پێبەستنی مامۆستایانی زانکۆ , چونکە ناوەندی یەکلاکەرەوەیان لە (2,5) و کێشی سەدیان لە (50%) کەمترە, بە وردبونەوە لە بڕگەکان دەبینین کە زیاتر ئەو لایەنانە لەخۆ دەگرن کە لە بواری ژیانی تایبەتی مامۆستاکانە و کەمتر پەیوەندی بە پیشەی مامۆستای زانکۆوە هەیە, تویژەر ئەو ئەنجامانە بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە مامۆستایانی زانکۆ پشت نابەستن بۆ بابەتە جیاجیاکانی ژیانیان لە ڕێگەی میدیای نوێوە.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper10 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

8. بڕگەکانی (ئینتەرنێت بەکاردینم بۆ زانیاری لەسەر ئەو کالایانەی کە دەمەوێت بیانکرم ) و بڕگەی (لە هەڵبژاردنی مۆدێل و جۆری جل و بەرگم پەنا بۆ پەیج و ڤیدیۆ و سایتەجیاجیاکان دەبەم) بە پلەی کۆتایی دێن کە ناوەندە یەکلاکەرەوەکەی بریتی بوو لە( 0,8) و بە کێشی سەدی(16%). توێژەرا ئەم ئەنجامە دەگەڕێننەوە بۆ بوونی چەندین هۆکاری بابەتی لەوانە بازارگێری ئەلیکترۆنی بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی پێشکەوتوو سنووردارە و هێشتا وەکو پێویست نیە ، زێدەباری ئەو قەیرانە ئابووریەی کە توانای کڕینی خەڵک بە شێوەیەکی گشتی لاواز بووە و بە تایبەتیش مووچەخۆران و بە برگەی پشت پێ بەستن هەژمارناکرێن .

## دەرئەنجامەکان:

بە پێی ئەو ئەنجامانەی کە لەم توێژینەوەیە بەدەستکەوتوە, بەپێی ئامانجی یەکەم کە بریتی بوو لە ئاشکراکردنی ئاستی پشتبەستنی مامۆستایانی زانکۆی سەلاحەدین بە ئامڕازەکانی میدیای نوێ بە شێوەیەکی گشتی دەرکەوت کە مامۆستاکانی زانکۆی سەلاحەدین بە ئاستی ناوەند پشتیان بە میدیای نوێ بەستوە بۆ مەبەستە جیاجیاکان.

سەبارەت بە ئامانجی دووەم کە بریتی بوو ئاشکراکردنی ریزبەندکرنی جۆری بەکارهینانەکانی میدیای نوێ لە لایەن مامۆستایانەوە و دیاریکردنی ناوەندی ژمێرەیی بۆ بڕگەکان , دەرکەوت کە بڕگەی (سوود لە ئیمەیل و ئینتەرنێت وەردەگرم بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکانم ) بەرزترین پلەی وەرگرتوە ، لە بەرامبەردا بڕگەکانی (ئینتەرنێت بەکاردینم بۆ زانیاری لەسەر ئەو کالایانەی کە دەمەوێت بیانکرم ) و بڕگەی (لە هەڵبژاردنی مۆدێل و جۆری جل و بەرگم پەنا بۆ پەیج و ڤیدیۆ و سایتەجیاجیاکان دەبەم) بە پلەی کۆتایی دێن و ئەو بڕگانەی پەیوەندیان بە پیشەی مامۆستاییەوە لە پلەکانی سەرەتادان و بەهۆیەوە پشت بە میدیای نوێ بەستراوە .

## بەشی پێنجەم

## راسپاردە و پێشنیارەکان

### یەکەم : راسپاردەکان

بە پێی ئەنجامەکان بە شێوەیەکی گشتی لە دەرئەنجامدا دەرکەوت کە مامۆستاکان پشت دەبەستن بە میدیای نوێ بۆ مەبەستە جیاجیاکان , بۆیە پێویستە زانکۆی سەلاحەدین کارئاسانی بۆ مامۆستاکان بکات بۆ فەراهەمکردنی میدیای نوێ و هێڵی ئینتەرنێت تا مامۆستاکان بە ئاسانی کارەکانیان رابپەڕێنن.

### دووەم : پێشنیارەکان

1. ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی هاوشێوەی ئەم توێژینەوەیە بەڵام لەسەر سامپڵێکی زیاتر و لەسەر بەشە جیا جیاکانی دیکەش.

2. ئەنجامدانی توێژینەوەیەک بۆ ئاشکراکردنی ئاستی پشت بەستنی فێرخوازان بە میدیای نوێ.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper10 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

# The Level of Dependency of The Lecturers of Salahaddin University On The New Media

**Jwan Bahaden Ali**
Education and Psychology Department, Education Faculty, Koya University, Koya, Kurdistan Region, Iraq.
**E-mail:** jwan.bahaden@koyauniversity.org

**Abdulkhalq Ibrahim Mustaffa**

Media Department, Erbil Technical Admnistrative Institute, Erbil Polytechnic University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.

**E-mail:** abdulkhaliq.mstaffa@epu.edu.iq

## Abstract:

The aim of this study that to expose the level of dependency of the lecturers of Salahuddin University on the new media, generally, in education process and determine their use of these tools and determinie the arithmetical average of these uses. For this purpose, specific criteria have been set for measuring the level of dependency , after identifying the Face validity and consistency of the measurement content, the researchers distributed randomly (50) questionnaires to the lectures who were (33) males and 17 females.

the results showed that the lectures depend on new media on medium, that lectures depend on new media for e-mail and the Internet to conduct their research as the ferst recuer, in contrast lectures less depend on new media for getting information about the goods they want to buy or to choose the fashion and type of clothing.

**Keywords:** Level, Dependency, New Media.

## سەرچاوەكان:


حجاب، محمد منير (2010) نظريات الأتصال ،ط1، دار الفجر للنشرو التوزيع ،القاهرة.

حسونة، نسرين (2014) الاعلام الجديد المفهوم و الوسائل و الخصائص و الوظائف ، النسخة الألكترونية ، شبكة الألوكة.

الخطيب, لطفي(2011) استخدام الإنترنت في الأنشطة الأكاديمية وغير الأكاديمية من وجهة نظر طلبة كلية الطب في جامعة العلوم والتكنولوجيا الأردنية والصعوبات المتعلقة بهذا الاستخدام, مجلة جامعة دمشق – المجلد 27 –العدد الثالث + الرابع.

الزرن، جمال (2007) دراسة بعنوان سلطة التدوين، مجلة الشؤون العربية على النت، 31 يوليو، العدد130.

سليم، حنان احمد (2016) الحملات الأعلامية عبر الأعلام الجديد ، الطبعة الثانية ، جامعة ملك سعود.

شقرة، علي خليل (2010) الأعلام الجديد (شبكات التواصل الأجتماعي) ، ط1، دار اسامة و دار نبلاء ، عمان.

شقير، بارعة حمزة (2009) استخدام اساتذة الجامعة دمشق للانترنت و الاشباعات الحققة منها، مجلة جامعة دمشق,العدد الاول +الثاني.

صادق، عباس مصطفى (2006) الإعـلام الجديد دراسة في تحولاته التكنولوجية وخصـائصه العـامة ،الأمارات العربية المتحدة.

عبدالحميد،.محمد (2006) ،نظريات الأعلام و اتجاهات التأثير،ط3،عالم الكتب للنشر والتوزيع و الطباعة،القاهرة.

فـــلة ,قيدوم(2008-2009) اثر استخدام الانترنات لدى الشباب الجامعي على وسائل الإعلام التقليدية,رسالة ماجستير غير منشورة, جامعة الجزائر بن يوسف بن خده-كلية العلوم السياسية والإعلام-قسم علوم الإعلام والاتصال.

الفيصل، عبدالأمير (2014) دراسات في الأعلام الألكتروني ، ط1 ، دار الكتاب الجامعي ، الأمارات العربية المتحدة.

مكاوي، حسن عماد. السيد، و ليلى خسين (2006) الأتصال و نظرياته المعاصرة ،ط6،الدار المصرية اللبنانية،القاهرة.

مەحمود، هەردەوان (2015) میدیای نوێ و کاریگەرییەکانی، چ1، چاپخانەی کوردستان، سلێمانی.

ئیبراهیم، عەبدولخالق (2014) میدیای کوردی لەسەردەمی ئاسمانە کراوەکاندا، چ1، خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.

Manovich, L. (2001) The Language of New Media, New York University, New York.

Pasadeos, Y. (2010) Advances in Communication and Mass Media Research, Athens Institute for Education and Research.

Shilpa, J. (2014) New Media Technology In Education - A Genre Of Outreach Learning, *Global Media Journal-Indian Edition, Summer Issue, Vol. 5/No. 1*

Watt, K. F. Allan, S. (2013) Journalism: New Challenges, Published by: Centre for Journalism & Communication Research Bournemouth University.

## پاشکۆکان

### پاشکۆی ژمارە (1)

### ناو و ناونیشانی شارەزایان

| ژ | ناوی سیانی پسپۆران | پسپۆری | شوێنی کار |
|---|---|---|---|
| 1 | پ .د.طاهر حویز زیباری | کۆمەڵناسی | زانکۆی سەلاحەددین-کۆلێژی ئاداب- بەشی کۆمەڵناسی |
| 2 | پ.ی.د. یەحیا عومەر ریشاوی | ڕاگەیاندن | پۆلیتەکنیکی سلێمانی – ڕاگەیاندن |
| 3 | پ.ی.د. هێرش رسول موراد | ڕاگەیاندن | زانکۆی ڕاپەڕین |
| 4 | پ.ی.د. ئاریانە ابراهیم | ڕاگەیاندن | زانکۆی سەلاحەددین-کۆلێژی ئاداب- بەشی ڕاگەیاندن |

### پاشکۆی (2)

### پێوانەکە بە شێوەی کۆتایی

### مامۆستای بەرێز.....

پاش سڵاو

ئەم ڕاپرسیە بە مەبەستی ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی زانستی سازدەکرێت بەناوی (ئاستی پشتبەستنی مامۆستایانی زانکۆ بە ئامرازەکانی میدیای نوێ)، و دڵنیابە کە سەرجەم زانیاریەکان بۆ مەبەستی لێکۆڵینەوەی زانستی بەکاردێت ,بۆیە پێویست ناکات ناوی خۆت بنوسیت, بۆئەم مەبەستەش توێژەران داواکارن لە بەرێزتان زانیارییەکانی ناو فۆرمەکە بە دروستی وەڵام بدەنەوە لە ڕێگای خوێندنەوەی بڕگەکان و دانانی هێمای ( √) لە ژێر ئەو هەڵبژاردنەی کە لەگەڵ ڕای بەرێزتان گونجاوە, و تکایە دڵنیابە لەوەی کە وەڵامی سەرجەم بڕگەکانت داوەتەوە .

هاوکاریتان جێگای ڕێزە.

پرسیارە گشتیەکان:

1. ڕەگەزی: نێر مێ
2. بەش :
3. پلەی زانستی:مامۆستای یاریدەدەر ( ) مامۆستا( ) پرۆفیسۆری یاریدەدەر( ) پرۆفیسۆر( )

| ژ | بڕگەکان | هەمیشە | زۆرجار | هەندێ جار | بەدەگمەن | هەرگیز |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | بۆبەسەربردنی کاتێکی خۆش ئینتەرنیت بەکاردەهێنم. | | | | | |
| 2 | ئینتەرنیت بەکاردینم بۆ زانیاری لەسەر ئەو کالایانەی کە دەمەوێت بیانکرم | | | | | |
| 3 | لە ڕێی تۆرە کۆمەڵایەتیەکانەوە پەیوەندی بە کەسانی دیکەوە دەکەم . | | | | | |
| 4 | سوود لە ئیمەیل و ئینتەرنێت وەردەگرم بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکانم. | | | | | |
| 5 | سوود لە ئینتەرنێت وەردەگردم بۆ ئەبلۆد کردنی وانەکانم بۆ خوێندکارەکانم. | | | | | |
| 6 | لەپێش گەشتکردن لە سایتەکاندا بۆ زانیاری دەگەڕێم سەبارەت بە شوێنەکان. | | | | | |
| 7 | لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانەوە هاوڕێی نوێ دەناسم. | | | | | |



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper10 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 8 | بەهۆی سایتی تایبەتەوە خۆم فێری زمانی دیکە دەبم. | | | | | |
| 9 | کارەکانی دڵنیایی جۆری لە رێگەی ئینتەرنێتەوە جێبەجێ دەکەم. | | | | | |
| 10 | لە رێگەی ئینتەرنێتەوە بەدوای وۆرکشۆپ و کۆنگرە دەوڵەتی و نێو دەوڵتیەکاندا دەگەڕێم. | | | | | |
| 11 | لە رێگەی ئینتەرنێتەوە داونلۆدی سەرچاوە و زانیاری دەکەم. | | | | | |
| 12 | لە ڕێگەی پەیوەندیە ڤیدیۆییەکانەوە وانە وەردەگرم یان دەڵێمەوە. | | | | | |
| 13 | بەرنامەی تایبەتم دابەزاندوە لە ئامرازەکانم(وەک ئایپاد یان مۆبایل یان لابتۆپ) بۆ ئاسانکاری کارەکانم. | | | | | |
| 14 | ڤیدیۆکانی ئینتەرنێت لەوانەکاندا بەکاردەهێنم. | | | | | |
| 15 | بۆ وەرگرتنی زانیاری ئایینی سایتەجیاجیاکان بەکاردەهێنم. | | | | | |
| 16 | تەماشای ڤیدیۆ یان وێنەی چۆنیەتی دروستکردنی خواردن دەکەم. | | | | | |
| 17 | لە هەڵبژاردنی مۆدێل و جۆری جل و بەرگم پەنا بۆ پەیج و ڤیدیۆ و سایتەجیاجیاکان دەبەم. | | | | | |
| 18 | بۆ هەڵبژاردنی دیزاینیماڵەکەم سود لە سایتەکانی ئینتەرنێت دەبینم. | | | | | |
| 19 | گروپی فەیسبوکیم دروستکردوە بۆ پەیوەندی بەردەوام لەگەل خوێندکارەکانم | | | | | |
| 20 | لەگەڵ مامۆستایانی بەش و کۆلیژەکەم لە رێگەی تۆرە کۆمەلایەتیەکانەوە پەیوەندی بەردەوامم هەیە. | | | | | |
| 21 | بۆ زانینی دوا رووداو و هەواڵەکان سود لە ئینتەرنێت وەردەگرم. | | | | | |
| 22 | بۆ زانینی بابەتە سیاسیەکان ئینتەرنێت بەکاردەهێنم. | | | | | |



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(4).paper10 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.4, December.2020